# توندوتیژییە پۆست مۆدێرنەکان

## تەقینەوەکانی ١١ی سێپتامبەر لە دیدگایەکی ترەوە

ن. فرخ امه گلب
و. سۆران عەبدوڵڵا

ئالوین تافلەر" نووسەری بەناوبانگی ئەمەریکی پاش بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك کتێبی وەك (شەپۆلی سێهەم, جێگۆڕکێ لەنێو دەسەڵاتدا, شۆکی ئایندە, پەڕاوەکانی ئایندە, جەنگو دژی جەنگ, بەرەو شارستانیەتی نوێ) هەوڵی ئەوە دەدات کە گۆڕانکاریە بونیادییەکانی ئێستای کۆمەڵو وڵاتانی پیشەسازی بەدیاربخات. لەراستیدا تافلەر دەیەوێت شیکاری هەلومەرجی هەنوکەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکات لەگشت لایەنەکانی فەرهەنگی, سیاسی, ئابووریو سەربازییەوە, دواجاریش ئەم وڵاتە بەخاوەنی بالآترین پێگە لەنێو (شارستانیەتی پاش پیشەسازی) ناوزەد دەکات, سەرەڕای تیشکخستنە سەر هەلومەرجی لەبارتری ئەو لەبواری ئابووریو ئەرتەشیو زانیاریشدا بەو شێوەیەی کە تافلەر باسی لێوەدەکات" ئەمە درێژەکێشان یاخود بەشێکە لەو دۆزەی کە بە(پۆست مۆدێرنیزم) ناوزەد دەکرێت. هەرچەند تافلەر بەپلەی یەکەم جەخت لەبواری (زانیاریو تەکنەلۆژیای هۆشمەند) دەکاتەوە لەنێو شارستانیەتی پاش(پارا) پیشەسازیدا, بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتیو جیا لەنێو ئەم جۆرە شارستانیەتەدا جەخت لەسەر (تاکگەرایی) دەکاتەوە.

بەشـێوەیەکی گشـتی دۆزی (پۆسـت مۆدێرنـە)، کـە بەشـێوەیەکی تایبـەتی لەئەمـەریکادا هاتۆتـەئاراوەو لەگەشەسـەندندایە، دیاردەیەکـە لەزەمینـــەی هەرچـــی زیـــاتر گرنگیـــدان‌و رەســـەنیەتی بەخشـــین بـە(تاکگـەرایی)، لـەبواری ئـەدەبیات‌و هونەریشـدا کۆمـەڵێك بەرهـەمی ناشرین‌و سەیروسـەمەرە دەهێنێتـە ئـاراوە، لەبەرئـەوەی دژی هـەرجۆرە سانسـۆرێکی زەوق‌و سـەلیقەی تاکەکانـە(لەلایـەن یاسـاو عـورف‌و شەرع)ەوە، لەبواری ئابووری‌و پیشەسازیشدا فرەبەرهەمی رەتدەکاتەوەو دەیـەوێت زەوق‌و سـەلیقەی یـەك بەیـەکی تاکـەکان تێربکـات" هـەروەها لەبواری چەکسازیشدا لەهەوڵی بەرهـەمهێنانی چـەکی هۆشمەنـدو خـاوەن دیقـەتێکی زۆردایـە لـەپێناو گەیشـتن بـەئامانجی یـاخود کوشـتاری ناگشتگیرو تایبەتیدا (واتە نابوودکردنی تـەواوی ئامـانج بەکـەمترین بـڕی هەڵە)" لەبواری ئاینداریشدا ناکۆکە لەگەڵ جیاکردنەوەی خودا لـەجیهان‌و هاوڕاشە لەگەڵ جۆرێك لەرەنگدانـەوەی ئیلاهـی لـەنێو تـەواوی جیهانـداو هەروەها پشتگیری لەبەراستزانینی سەرجەم ئاینەکان‌و فرەدینی دەکات، هەرچـی پەیوەستیشـە بەرەگـەزی مرۆییـەوە بەبەشـێك لەسروشـتی تەماشادەکات، کە بەوپێیە پێویستە لەسەری خزمـەت بەهاورەگـەزەکانی بکـات (بەمپێیـە هـەرجۆرە بـێ بەنـدو باریـەکی سێکسـی تەنانـەت بـۆ هاورەگەز بازەکانیش بـەئازاد لەقەڵـەم دەدات) سـەبارەت بەچـەمکەکانی وەك خێـزان، پشـتگیری لـەفرەجۆری دامـەزراوەی خێـزان دەکـات، بـەبێ گوێدانـە مەشـروع بـوون یـاخود نامەشـروع بـوونی ئـەم کـارە. هەرچـی پەیوەستیشە بەبواری سیاسیەوە، هـەم دژی ئەوەیـە کـە دەوڵـەت ببێتـە بنەرەتتیترین‌و شەرعیترین فاکتەر یان کارێکتەرێکی سیاسی‌و هەم جۆرێك لەمەشروعیەتیشـدادەنێت بۆ دەوڵـەت، کـە ڕێگـە بـدات بەسـەرجەم ئـەو ڕێکخراوو گروپانەی کە لـەپێناو گێڕانـی ڕۆڵـی سیاسـی یـاخود لایـەنگیری کۆمـەڵێك ئامـانجی تاکەکەسـی خۆیـان هاتونەتـە ئـاراوە بـدات، جۆرێـك لەمەشروعیەت‌و کارایی بەشێوەیەکی ئاسۆیی نەوەك ستوونی.

بەم شێوەیە پێکهاتەو گەشەسەندنی پۆست مۆدێرنیزم، بەتایبـەتیش لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لەرێگەی ئەم چەند تایبەتمەندیەوە دیاریـدەکرێت، چـونکە ئـەم وڵاتـە تـەنیا کیشـوەرێکە کـە سیسـتەمە سیاسـیەکەی هـەر لەسـەرەتاوە لەسـەر بنـەمای دیموکراسـی (ئـازادی،

یەکسـانیو برایـەتی - ئەڵبەتـە لـەنێو سـپی پێسـتەکاندا) دارێـژراوەو دواتریش پاش رەتکردنەوەی بەندەییو خۆفرۆشیو بزاوتی فێمێنیزم (ژن تەوەریی) ئەم بنەمایە دواتر گوازرایەوە بـۆ نێـو تاکە ناسپی پێسـتەکان (رەش پێستەکان, سووورپێستەکان, زەردپێستەکان).

بەو پێیەی کە دیاردەکەوێت, سەرجەم ئەم بنەمایانە لەسەر بنەرەتی (تاکەکـەس بـاوەڕی) دارێـژراون, ئامـادەبوونو رەوایـەتیو کـارکردنی دەوڵـەت لـەو کۆمەڵانـەی کـە لـەم جـۆرەن, تـەنها لەرێگـەی پـەیمانی کۆمەڵایەتیو پیڕەوکردنی رەوتە دیموکراتییەکانەوە دەستە بەردەبێت.

بەم شـێوەیە لەویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکادا, زیـاترین بـڕی هەلومەرجی شیاوو لەبار بۆ جەختکردنەوە لەسـەر (تاکگـەری - فردیـت)و گەشەسـەندنی (فرەچەشـنی تاکەکەسـی)و هانـدانو بزوانـدنی (توانـای داهێنـانو خۆسـەلماندنی یەکەبەیەکـەی تاکـەکان) هاتۆتـە ئـاراوە .هەرچـەندە ئـەم دۆزە بۆتـە هـۆی گەشەسـەندنی هێـزی داهێنـانو پێشکەوتن لەبواری زانسـیوهونەریو بـەرفراوانبوونی سامانودەسـەڵاتو دانایی لەنێو چوارچێوەی میلەتێکدا - بەو شێوەیەی کە لـەنێو میللـەتی ئەمـەریکادا تارادەیـەکی زۆر بەرچـاودەکەوێت - بـەڵام لەلایـەنی ئەخلاقییـەوە بـووە هـۆی فرەجۆربـوونی سـەر سـورهێنو گەنـدەڵی ئـەخلاقیی, لەلایـەنی کۆمەڵایەتیشـەوە بـووە هـۆی لەناوچـوونی دابو نـەریتو سـەرهەڵدانی توندوتیـژیو گوناهکـاریو خۆبـاوەڕیی, لەلایـەنی سیاسـیەوە بـووە هـۆی پـەرشو بڵاوبوونـەوەی راوبۆچـوونی تاکـەکانو گرژبوونو پێکدادانی ناوخۆیی لەنێو میللەتەکاندا.

لەگەڵ ئەوەی کە بنـەمای ئـازادیو یەکسـانی سـەبارەت بەناسـپی پێستەکان لەپاش دواکەوتنێکی زۆریەوە پـەیڕەوکرا, تائـەو دەمـە ئیـدی چـینی کامـڵ لـەبواری ئـابووریو سیاسـی لەویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمەریکا کە پێکهاتبوو لەسپی پێستەکان بەتەواوەتی ریشەی داکوتابوو. بەم پێیە ئەم چینەی کەباسی لێوەکرا" لەگـەڵ ئـەوەی کـە لـەبوارەکانی ئـەخلاقو کۆمەڵایـەتیو ئـەدەبیاتو هونـەرو زانسـتدا, تارادەیـەك بڕێـك رێزیـان بـۆ بنـەماکان قایـل دەکـرد, ئەمـەیش خـۆی لەخۆیـدابوو بـووە بەهرەوەرگرتنی نەژادگەلێکی دیکەیش, لەدەرەنجامی ئەم رێزقایلکردنەی ئـەوان, (بۆنمونـە" بڵاوبوونـەوەی کێشـەی ئـەخلاقیو کۆمەڵایـەتی لـەنێو

ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا بەشێوەیەکی زۆر نێگەتیڤانە, هەروەها بەرەو پێشچوونی بواری زانستیو کۆمەڵایەتی هەندێك لەناسپی پێستەکانی دیکەی وەك (کۆلن پاول)ڕەشپێستی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو (فرانسیس فۆکۆ یاما)ی زەردپێستی تیۆرسێنو کارمەندی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوە, هەروەها بڕێك لەئێرانییە پلە بەرزەکانی (ناسا)"لێرەدا نووسەر مەبەستی لە کەسێکە بەناوی موزەفەری پرتو, کە کوردی کوردستانی ئێرانەو کارمەندو شارەزایەکی گەورەو ناودا ری ڕێکخراوەی ناسای ئاسمانی ئەمەریکایە- وەرگێڕ-",و باقی سەرجەم ئۆرگانە کاراکانی ئەمەریکا بەشێوەیەکی زۆر پیۆزەتیڤانە) بەڵام تەنانەت ئەم دەرەنجامەیش دەبووە هۆی زیادبوونی دەسەڵاتو سەروەتی خودی ئەمەریکییەکان. ئەوەتانێ زۆربەی زۆری بانكو کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئابووریو هەواڵگریە گەورەکانی ئەمەریکا تایبەتن بەسپی پێستەکانو بەتایبەتیش پیاوان.

سەهمو بەشی نەژادە ڕەنگییەکانی ئەمەریکا لەڕەشو سوورو زەردو سپیو هەروەها ژنان بوارەکانی دەسەڵاتو داراییو زانیاری ئیجگار کەمە. چونکە ئەوان لەلایەکەوە لەڕەوتی پێشینەی مێژووی خۆیاندا, بەهرەیان لەئازادیو بەرابەری بەدەست نەهێنابوو, لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوە کە هەم (نوخبە - دەستبژێر)ەکانی ئەمەریکا ڕێگەی پێشکەوتنی سەروئاساییو هاوترازوی خۆیانیان بەو گروپانە نەدەدا, ئەگەریش ڕێگەیان پێ بدابانایە, ئەوا بێگومان لەپێناو گەیشتن بەکۆمەڵێك ئامانجو سوودی خودی خۆیاندابوو, یاخود بەهۆی ناهەمواری بارودۆخی خۆیانو لەڕێی ناچارییەوە دەبوو.

بەم پێیە لەنێو کۆمەڵی ئەمەریکیدا بەشێوەیەکی زۆر خێرا بەرەورووی پۆست مۆدێرنەبوونو فرەچەشنیو فرەجۆریو داهێناندا لەجوڵەدایە, کۆمەڵێك گروپو توێژ هاتنەئاراوە کە لەلایەکەوە ئەگەری پێشکەوتنی کارمەندیو زانستی زۆریان هەیەو بەردەوام لێهاتووییو داهێنانەکانیان دەبزوێنو هاندەدرێن, بەهەمان شێوەو لەلا یەکی ترەوە سنووردار دەکرێنو تەنگو ئستەمیان ڕووبەڕوودەبێتەوە, کە خودی ئەم دژایەتیو سنووردارکردنەش بەشێوەیەکی فرەچەشنیو جیاواز لەبەرامبەریاندا ئەنجام دەدرێت.

بەمجۆرە دەستەیەك هاتونەتە ئاراوە کە هەم کەڵکەڵەی توندوتیـژیو تۆڵەسـەندنەوە لەنێوانیانـدا دروسـتبووەو هـەم ویسـتەمەنی پێویسـتیان لەبەردەسـتدایە, وەك زانیـاریو لێهـاتوویو ئەنجامـدانی کـاری گـرنگو فەراهـەمبوونی پێداویسـتی چـەکەمەنیو ئـازادی پێویسـتو پۆسـتی کـارکردنی شـیاو لـەنێو دەسـتگا جیاوازەکانـدا لەبەردەسـتیاندا فەراهەمکراوە. لەلایەکی تریشـەوە وڵاتێکـی وەك ئیسـرائیل, عەرەبـەکانی بەتەواوەتی بیٚ بەشـکردووە لەهـەر جـۆرە پۆسـتێکی خـاوەن داهـاتێکی بـاشو پێگـەی ئـابووریو سیاسـی بـاڵا, ئـەوانی لەسـەرجەم بوارەکانـدا سنورداركردووە, سەرەنجام ئەوان سەرەرای بوونی ویستێکی زۆر تیایاندا بۆ ئەنجامدانی توندوتیـژی نـاتوانن هـیچ کـارێکی هاوشـێوەی ئـەوەی کـە لەئەمـەریکادا روویـدا لەئیسـرائیلدا ئـەنجام بـدەن, ئـەم هەلومەرجـە لەئەفەریقای باشووریشدا بەهەمان شێوەیە.

ئەوەی لەدەرەنجامی ئەمانەوە بەرچاودەکەوێت, ئەوەیە کـە زۆرتـرین بڕی پیادەکردنی کاری تیرۆریستی لەناو ئەمەریکادا لەسەر دەستی خودی سپی پێستەکان ئـەنجام دەدرێتو پێویسـتە سـەرنجی ئەوەبـدرێت, کـە سـپی پێسـتەکان سـەرەرای ئـەوەی کـە لـەنێو کۆمـەڵی ئەمـەریکاداو لەهەلومەرجێکی شیاوتردا دەژین, بەڵام لەهەندیٚ کاتدا مەیلێکی زیاتریـان هەیە سەبارەت بەئەنجامدانی کاری تیرۆریستی, چونکە ئەنجامدانی کـاری سەربازی دژی ڤێتنامو عێراقو سۆماڵ کە خـراپ بـەکارهێنانی دەسـەڵاتە سیاسیو ئابووریەکانی ئەمەریکا دەگرێتەوە, بەتایبەتیش کاتێك کە ناکام دەبن لەئەنجامدانی کاری سەربازیو ئۆپەراسیۆنی سەربازی, ئیـدی تـامو چـێژی رقو کینـە زۆر تـاڵتر لەرەشپێسـتەکان دەچـێژنو مـەیلێکی زیـاتر وەردەگرن بۆ تۆڵەسەندنەوە.

سـەرەڕای ئەمانـەیش لەبـەر ئـەوەی ئـەم کۆمەڵانـە لەچـینگەلیکی سـاویلکەترن, بێگومـان دەبنـە جێـی بۆمبـارانی ئێجگـار قورسـتر لـەوەی لەشاشـەی تەلـەفزیۆنو سـینەماکانەوە دەبینرێـت, لەحاڵێکـدا کـە کەسانێکی زۆر لەنێو میللـەتو نـەژادەکانی تـردا بـەهۆی کەمدەسـتیەوە ناچـارن بـەکردنی کـاری زۆرو شـوێنکەوتنی پاروەنـانی ژیـان, هەربۆیـە لەسەرجەم بوارەکانیشدا کـەمتر بەهرەمەنـد دەبـن, کەواتـە ئـەم کۆمەڵـە توندوتیژیەکی واقعی زیاتر بەچـاوی خۆیـان دەبیـنن. هـەروەها لەلایـەکی

ترەوە سپی پێستەکان زیاتر دەبنە جێی متمانەو ڕێنماییکردنی بەسوود, بۆیە هەم دەتوانن‌و هەم دەزانن‌و هەم دەشیانەوێ کۆمەڵێك ڕووداوی گەورەو کاریگەر لەبەامبەر چینە باڵادەستەکانی ئەمەریکادا بهێننە ئاراوە.

چینی باڵا دەستی ئەمریکا لە ڕووی سیاسی ئابوورییەوە، ئەم وڵاتە بەلانکی دیموکراسی (ئازادی، یەکسانی‌ومافی مرۆڤ) دەزانن‌و دەناسرێن، بەم پێیە هەمووان دەزانین کەناکرێت وڵاتێکی لەم جۆرە ناتوانێت دەوڵتێکی ئیمپراتۆری، واتە دەوڵتێکی کۆلۆنیاڵ بێت، چونکە بەم شێوەیە ئازادی‌و یەکسانی‌و مافی مرۆڤەکانی دیکە پێشێل دەکات. هەروەها ئەم وڵاتە ناشکرێت ناسیۆنالیش بێت, چونکە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك مانیفێستی گشتگیری مرۆیی هاتۆتە ئاراوەو کەوتۆتە سەر پێی خۆی, هەروەها لەبەرئەوەی کە پێکهاتەیەکە لەکۆمەڵێك نەژادو میللەت‌و هۆزی جیاواز, بەگشتی بریتییە لەوڵاتێکی کۆچبەرنشین, واتە بەدەرە لەهەرجۆرە بەکرەنگییەکی میللی‌و پێشینەیەکی مێژووی. سەرەڕای ئەمانەیش, لەبەرئەوەی بەردەوام جەختی لەسەر مافی تاکەکەس‌و وردەکیشوەری‌و ڕەوایەتی بەخشین لەکۆمەڵێك گروهی جیاواز کراوەتەوە بەردەوامیش هاندەدرێن, لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی کە بەردەوام داب‌و نەریت ڕەتدەکرێتەوە, هەربۆیە چەمکی کۆمەڵی مەدەنی بەوان بێگانەیە. لەهەمان کاتیشدا خەڵکانی ئەم وڵاتە بەدوور دەگیرێن لەهەرجۆرە زانینێك سەبارەت بەهەواڵی واقیعی دەربارەی وڵاتانی دیکە, هەروەها کەمترین بڕی ئاگاییان هەیە سەبارەت بەئامانجی واقیعی لێپرسراوەکانیان, بەمانای وشە ناسیاسی‌و دژەبێگانەن. بەردەوام بەتاکەکانی ئەم وڵاتە دەوترێت" کە چ وڵاتێك تیرۆریستەو یاخود تیرۆریزم لەخۆدەگرێت, چ کۆمەڵێك ناکۆکە لەگەڵ ئازادی‌و دژی مافەکانی مرۆڤن, هەروەها کامانەن ئەو کۆمەڵانەی کە (دوژمن)ی ئەوانن, ئاشکرایە کە لەدیدگای ئەوانەوە دوژمنی ئەمەریکا واتە دوژمنی ئاگایی‌و یەکسانی‌و برایەتی‌و مافە دیموکراتییەکانی مرۆڤ! ! بەمپێیە ئەمەریکاییەکان دەچنە نێو ئەنجامدانی کاری سەربازی دژی میللەتانی دیکە لەسەرانسەری جیهاندا, هەروەها بەردەوام بەئەمەریکاییەکان دەوترێت" کە ئەم وڵاتە باڵادەسترین وڵات‌و پلە یەکە "ناونیشانی کتێبێکی مایکڵ کامن -

خەڵكانێك جیا لەوانی تر شۆك ئاوەرو رۆشنگەرن", هەروەكو نورێك وا یە كە لەنێو, تاریكیدا دەورەدرابێت.

بەمپێیە لەپاش هەر جۆرە كارێكی تیرۆریستیەوە, ئەمەریكاییەكان سەرنج یان بەرەو نائەمەریكییەكان رادەكێشرێتو لەپێش هەر لێكۆڵینەوەو تو ێژینەوەیەكەوە, نائەمەریكاییەكان بەئەنجامدەری ئەو كارە تیرۆریستییە دەزانن‌و ئارەزووی (تۆڵەسەندنەوە) لە(ئەوان), تیایاندا پەروەردە دەبێت!. (چەمكی تۆڵە لەلای ئەمەریكاییەكان هێندەی چەمكی پارێزگاری‌و غەزا لەلای موسڵمانەكان پیرۆزە, بەئاسانی دەشتوانرێت هەست بەمە بكرێت بەتایبەتی لەپاش رووداوەكانی ١١ی سێپتامبەر). بەمپێیە (دژە بێگانەیی)و (پارێزگاری لەما فەكانی مرۆڤ بەهۆی كاری سەربازییەوە) لەبەرامبەر مافی بێگانەكاندا پیادە دەكرێت.

ئامریكاییەكان ناچارن بانگەشەی ئازادی‌و مافی تاكەكەسی بكەن, چونكە بەتەنها لەم رێگەیەوە دەتوانن" ئازادی بازرگانی بۆ سەرمایەدارەكان مسۆگەر بكەن‌و بەم شێوەیەش خەڵكانی كڕیار (لەوانە كڕیارانی چەك‌و تەقەمەنی) تەنها لەم رێگەیەوە فرەچەشنی‌و داهێنان گەشەدەسێنێت, ئەم فرەچەشنیەش دەبێتە هۆی داهێنانی نوێ‌و بەرهەمهێنان‌و هەروەها فرۆشتی هەرچی زیاتری ئەو شتومەكانە. ئاشكرایە كە لەكۆمەڵێكی لەم جۆرەدا (وردەئایین‌و وردە كولتوور)ەكان جێگەی یەك یان چەند دین‌و كولتوورێكی گەورە دەگرنەوە, ئەم ئاین‌و كولتوورە جۆربەجۆرانەیش پێویستە تەحەمول بكرێن" بۆنمونە هەر وەك دەستەی داوودییەكان (پەیڕەوانی دیڤید كوروش) كە تەحەمول نەكراون‌و كڵێساكەیان هاوكات لەگەڵ دەیان ژن‌و پیاو منداڵ سووتێنرا, لەبەرامبەردا بارەگای (FBI)لەفیلادلیفیا كەوتە بەرهێرشی تۆڵەو تەقێنرایەوەو نزیكەی (٣٠٠)كەسی تێدا كوژرا. بەمجۆرە هەر یەكە لەم وردە ئایینانە گەر قبوڵ بكرێن یان رەتبكرێنەوە, ئەوا بەزەبری هێز دەتوانن ببنە ئەنجامدەری كارێكی لەم جۆرە لەناو خودی ئەمەریكادا.

بوونی ئەم تایبەتمەندیو وردە ئاینانە, بووەتە هۆی ئەوەی كە مورشیدو رابەری گەورەی رۆحی كە جێی رێزی گشتین, پێگەی خۆیان لەدەستبدەن, بەم جۆرە ئەم كۆمەڵە خاوەنی هیچ گروهێكی مەعنەوی نییە وەك مەرجەعیەتی مەعنەوی‌و هەروەها هیمنیی رۆحی (لەپێگە هەستیارەكان)دا لەدەستداوە.

ڕەنگە گروهێك بەخۆیو ئەو وردە ئاینەی کە تایەبەتە بەخۆی بۆ نمونە ناکۆك بووبێت لەگەڵ تەکنەلۆژیاو پیشەسازیو هەروەها دژایەتیکردنی ئەوانەی بەپیرۆز زانیبێتو لەرووکارە مەدەنییەکانی شارستانی سوود وەرنەگرێت, بۆنمونە (ناچرالیزمەکان)ی ئەمەریکا. هەروەها ڕەنگە یەکێك لەو گروهانە هەستی بەوەکردبێت کە پێویستە ململانێیەك لەگەڵ ئامانجە بنەرەتییەکانی بەجیهانیبووندا بکاتو خۆبەکوشتدانیش لەم پێناوەدا بەهۆکاری خۆشبەختی پاش مەرگ بزانێتو جەستەی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستیو خودکوژی.

لەرووداوی رۆژی سێشەمەی یا نزەی سێپتامبەری ۲۰۰۱دا, ساختمانەکانی سەنتەری بازرگانی جیهانیو پێنتاگۆنو کۆشکی سپیو وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا, ئامانجە سەرەکییەکان بوون, ئاشکرایە کە ئەم ساختمانانە بریتیبوون لەسەنتەرە بنەرەتییەکانی دارشتنی بریاری ئابووریو سەربازی ئەمەریکا لەرەوتی بەجیهانیبووندا, پێشتریش سیمینارەکانی سەرانی هەشت کیشوەری پیشە سازی لە (سیاتڵ)ی ئەمەریکاو (جاناوا)ی ئیتالیاو سەرجەم شوێنەکانی دیکە, بووە هۆی دژایەتیکردنێکی توندی ئەوانەی کە ناکۆکن لەگەڵ بەجیهانیبووندا و هەر یەکە لەوانەیش کەوتنە بەر هێرشی جنێوو سەرزەنشتو کوشتارو لێدانو دەستگیرکردن لەلا یەن پۆلیسی ئەو وڵاتانەوە. سەرەڕای ئەوەی کە بریاربوو دواهەمین سیمیناری ئابووری لەشاری (دوبەی) ـ کە هەندێك لەگومانلێکراوەکانی نێو ئەمەیرکا خەڵکی ئەو وڵاتەن ـ ئەنجام بدرێت کە دیارە وڵاتێکی ئیسلامیەو هیچ جۆرە هەستیارییەکی بە بەجیهانیکردنی ئابووری نییە, ئەم مەسەلەیە لەلای رابەرانی ئابووریو سیاسی ئەمەریکا بە سەرکەوتنێکی کەم گرفت لەقەڵەم دەدرا, دەکرێت بوترێت کە ڕەنگە ئەم کارە توندوتیژیانەی دوایی لەلایەن ئەو نەیارانەوە ئەنجامدرابێت کە لەنێو ئەمەریکادا دەژین.

هەروەها خۆپارێزییەکی بێوێنە لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە بەرچاودەکەوێت, سەرەڕای ئەوەی ئۆبالی رووداوەکانی ۱۱ی سێپتەمبەریان خستە پاڵ ئوسامە بن لادنو جەختکردنەوەی جۆرج

بوشی سەرۆکی ئەمەریکا لەسەر ئەوەی کە(بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا پێویستە وەك بەرژەوەندی گشتی جیهان تەماشابکرێت), (واتە هەموو دانیشتوانی جیهان پارێزگاری لێبکەن), وە هەروەها داواکاری (کۆڵن پاول)ی وەزیری کاروباری دەرەوە, بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نێونەتەوەیی, بە بەشداری سەرجەمە کیشوەرە ئیسلامیو نائیسلامییەکان بۆ روبەرووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمی جیهانیدا.

سەرجەم ئەم کارانە, دەربڕینی سووربوونی ئەمەریکایە لەسەر زیاتر چەسپاندنی بەجیهانیبوون, هەروەها دەتوانرێت گریمانەی ئەوە بکرێت, کە سەرەڕای زانایی و شارەزایی ئەوروپاییەکان سەبارەت بەخاڵە لاوازەکانی ئەمریکاییەکانو ئازادی ئەوان لەکارکردنو هەڵسوڕان لەو وڵاتەدا, کەوا رووداوەکانی سێ شەممە لەلایەن هەندێك لەئەمەریکییە بە رەگەز ئەوروپاییەکانەوە رێکخرابێت, لەپێناو رێگریکردنی لەباڵادەستبوونو دەستدرێژیکردنی سیاسەتی ئابووری ئەمەریکا بەسەر جیهانداو هەروەها بۆ تێکشکاندنی ئەولەویەتو باڵادەستی ئەو وڵاتە, رووکاری ئەو وڵاتە لەسەر ئاستی جیهان دا بڕوشێنرێتو خەڵكو دانیشتوانەکەشی راڕاو دوودڵ بنو کارو کردەیان بخرێتە ژێر پرسیارو چاودێرییەوە, لەرادەی باوەڕ بەخۆبوونیان واتە (هی ئەمەریکییەکان) کەم بکرێتەوە. ئەڵبەتە ئەمە بەمانای ئەوروپایی بوونی سەرجەم هۆکارەکانی ئەو رووداوانە نییە, بەڵکو رەنگە ئەوان یان خودی ئەمەریکییەکان هەستابن بە بەکارهێنانی عەرەبەکان بۆ ئەو مەبەستە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەوروپاییەکان بەرواڵەت هاودەردیەکی زۆریان نیشاندا لەبەرامبەر ئەمەریکاییەکاندا دوا بەدوای رووداوەکە, لەلایەکی ترەوە بەراشکاوی باسیان لەوەکرد کە ئەم روداوە ناچێتە چوارچێوەی (شەڕی شارستانیەتەکان)وەو ناشکرێت بکرێتە رووبەرووبوونەوەی ئەوروپا لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا, یاخود ئەم رووداوانە بدرێتە پاڵ میللەت یان هۆز یان مەزهەبێکی دیاریکراو, بەپێی ئەم دەربڕینانەش ئەوروپاییەکان پشتی وڵاتە ئیسلامییەکانیان بەرنەدا لەبەرامبەر ئەو گشت ویستی تۆڵەسەندنەوەیەی ئەمەریکاییەکاندا, سەرەڕای هەموو ئەمانەش بەردەوامبوون لەگەڵ درێژەدان بەرێککەوتنەکانی خۆیان لەگەڵ

ئێران - کە یەکێکە لەسەرسەختترین دوژمنەکانی ئەمەریکا - لێرەوە رەنگە قسەکانی (کۆڵن پاوڵ) جۆرێك لەسڵکردنەوەو وەڵامێك بێت بۆ ئەم هەڵوێستەی ئەوروپاییەکان.

هەروەها ئەوروپاش کەلەپێش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێتەوە دواکەوتووی ئەمەریکابوون‌و لەژێر چەتری پارێزگاری ئەودابوون, رەنگە لەو کاتەوە تا ئێستا لەهەوڵی ئەوەدا بووبێت کە ببێتە شەریك‌و هاوپێگەی ئەمەریکا.

لەم دووایانەدا هاوپەیمانیەتی (ناتۆ) بڕیارێکی پەسەند کردووە, کە تێیدا هاتووە" "ئەگەر بێت‌و دەرکەوێت کە ئەم هێرشانە لەدەرەوە کرابێتە سەر ئەمەریکا, پێویستە کار بە بەندی پێنجەم لە پەیماننامەی واشینگتۆن بکرێت, کە بەپێی دەقی ئەم پەیماننامەیە: ئەگەر هاتوو هێرشکرایە سەر هەریەك لەو ١٩ وڵاتەی ئەندامی (ناتۆ) وەکو وایە هێرش کرابێتە سەر سەرجەم هەموو ئەو وڵاتانە, بۆیە پێویستە لەپێناو بەرقەرارکردن‌و پاراستنی ئاسایشدا ناتۆ بۆی هەبێت کاردانەوەی پێویست بگرێتەبەر, کە یەکێك لەوانە بەکارهێنانی هێزی سەربازیە, ئەوروپاییەکان هەڵوێستی پارێزگاریکردن لەئەمەریکایان وەرگرتووە, کە خودی ئەم هەڵوێستە بەلای ئەمەریکاییەکانەوە گرنگەو نیازمەندە پێی. ئەمەش بەشێوەیەك لەشێوەکان بەواتای وەدەستخستنەوەی جۆرێك لەباڵادەستییە بۆ ئەوروپاییەکان بەسەر ئەمەریکادا, لەکاتی دابەزینی دەسەڵات‌و پێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا, هەروەها بەواتای سوودوەرگرتنی فەلەستینییەکانە لەم هەلومەرجە, ئەویش لەرێگەی فشارخستنە سەر ئیسرائیلییەکان لەلایەن ئەوروپاوە, لەراستیدا رەنگە ئەمە باشترین هەلێك بێت بۆ ئەوروپا سەبارەت بەسەربەخۆبوونیان لەدەست ویلایەتە یەکگرتووەکان لەپاش جەنگی جیهانی دووەمەوە. بەهەر حاڵ وادێتە پێش چاو کۆمەڵی ئەمەریکا رۆژ بەرۆژ زیاتر ئەگەری رووداوی لەم شێوەیە یاخود گەورەتری تێدا بەدیاربکەوێت, ئەمەیش لەرێگەی ئەو فرەچەشنی‌و فرەجۆریەی کە رۆژ بەرۆژ لەنێو جۆرە (پۆست مۆدێرنیست) یەکەی خودی ئەم کۆمەڵەدا بەرچاودەکەوێت, کە دیارە ناچارن بە قبوڵکردنی هەلومەرجی لەوجۆرە.

ئەمــەش تــەنها لەرێگــەی گۆرانكــاری لــەنێو رەگەزەكانیانــدا, لەلایــەكی ترەوە ئەگەری سوودوەرگتنی سەرجەم كۆمەڵەكانی تر لەم هەلومەرجــەی كە لەنێو كۆمــەڵی ئەمــەریكادا روو لەزیادبوونــەو رۆژبــەرۆژ ئـامێرو رێگـای نــوێترو جیــاوازتری توندوتیــژی تێــدا بەكاردێـــتو زیــاتر دەبێـــت, ئەمەریكاییــەكان زۆر بــەوردی ســەرنجی نمونــەكانی توندوتیـژی دەدەن لەنێو ولاَتانی تردا (بۆنمونە: كارە فیداییــەكانی موسـڵمانەكان لەبەرامبــەر زایۆنیزمەكاندا), لەم رێیەوەو بــەهۆی زانسـتو تەكنــەلۆژیاوە نمونەیــەكی لەپێشتر لەنێو خودی ئەمەریكادا دەهێننە ئـاراوە. كاتێـك كــە (ئۆكتـاڤیۆ پــاس)روونـاكبیری ئەمــەریكی وتبــووی: "كۆمــەڵی ئەمــەریكی لەحاڵــەتی توانەوەو رۆچووندایەو چێژ لەو فەنابوونە وەردەگرێت, وادێتە پــێش چـاو كە بەهۆی سەرهەڵدانی توندوتیژیــە (پۆســت مۆدێرنــەكان) لەئەمــەریكادا (بەهــەردوو پێكهاتەكەیــەوە نادەوڵــەتیو ســەرومیللی) ئــەم لەناوچــوونە خێراتربووبێــتو دواجــار ببێتــە هــۆی رزگــاربوونی ســەرجەم میللــەتانی جیهـــان, لەخواســـتو ئـــیرادە ویســـتەكانی ویلایەتـــە یـــەكگرتووەكانی ئەمەریكا, هیچ كیشوەرێكی تریش بۆ جـارێكی تـر ناتوانێـت پێگـەی نێـو نەتــەوەیی ئــەم ولاَتــە لــەحاڵی حــازردا بەدەســت بێنێــت, رەنگــە لــەم هەلومەرجەدا جۆرێـك لەدادپــەروەریو یەكسـانی بـۆ ســەرجەم كۆمــەڵی مرۆیی فەراهەم ببێت.

Soranmail@yahoo.com